www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 0:10 27-10-2006

# ئەوانە مەلەوانی سیاسەتن کە ناوێرن ناوی خۆیان بنوسن؟! ... مەحەمەد سیاسی ئەشکەنەیی



لەیەکەم رۆژی جەژنی رەمەزاندا بابەتێکم نوسیبوو لەژێر ناونیشانی (مام جەلال داهێنەری ئاشتیە) سایتی بەرێزی کوردستان نێتیش بۆیان بڵاو کردبوومەوە، بەڵام دوای رۆژێك برادەرێك بە بی ئەوەی ناوی خۆی بنوسی بەبابەتی (داهێنەری ئاشتی یان مەلەوانی سیاسەت و راگەیاندن ... ئاسا) وەڵامێکی منی داوەتەوە، من نازانم ئەو خاوەن قەڵەمە کی یە و خۆی چ کارەیە، دەنا چۆن قسەی خراپ و موهاتەرات بە مامەو کاکە دەڵی، مامە و کاکە چ پەیوەندیان بەو بابەتەی من وە هەیە، دوبارە من لەبابەتەکەمدا ناوی کاکەم نەهێناوە، ئەو برا بەناو نوسەرە بۆچی وشەی کاکەی خستە ناوەوە، ئەگەر ئەو خاوەن قەڵەمە خۆی ناساندو زیاتری کردبوو لەمامەو کاکە ئەوامنیش بەبابەتێك دەیخەمە ناو مێژووەوە، بەڵام کەسێك گەر لەخۆیەوە شتی هەلەق و بەلەق بڵاو بکاتەوە و بڵی ئەمەیان واو ئەمەیان وانابی، هەرگیز قابیلی قبوڵ نیە. یان ئەو برادەرە نازانی لەکوی قسە دەکات یان خۆیشی نازانی چی دەڵی لەلایەك باسی فایل دار ئەکات و لەلایەکی ترچەند وێنەیەکی سەردەمی گفتوگۆی سورداشی ساڵی 1984ی بڵاو کردۆتەوە کە هیچ پەیوەندیان بەباتەکەی منەوە نیەو، فایل لەکوی و ئەو وێنانە لەکوی، چەند کەسانێك هەبوون فایل دار بوون بەپی ی یاسا لێپێچینەوەیان لەگەڵدا کرا، ئەم وێنانەش بۆ ئەوەنیە کەنیشانی جیلی تازەی بدەی کە سەرکردەکانمان لەگەڵ سەرانی رژێم وێنەیان گرتوەو کۆبونەوە، بەڵکو ئەم وێنانە هی گفتوگۆیەکەی سورداشن کەلەساڵی 1984دا گیرا ون، ئەو سەرکردە بەرێزانەی ناویشیان بەوە ناشیرن نابن چونکە هەموویان خاوەنی مێژووی پڕ سەروەرین، ئەوان بۆیە دانیشتنیان لەگەڵ رژێم کردووە تاکو تۆو من و هەموو نەتەوەی کورد رزگاربکەن لەدەستی سەرانی بەعس، بەڵام چی بکەین موفاوەزاتەکە سەرکەوتوونەبوو، رژێم دانی بەماقەکانمان دا نەنا، ئەوەبوو موفاوەزات هەڵوەشایەوە.

ئەو برادەرە لەبابەتەکەی دا ناوی مام جەلال و خوالی خۆشبوو بارزانی هێناوە چ بەڵگەیەك هەیە کە ئەو قسەیەی لەزاری مامە بیستبی، ئەی بۆ زوتر بڵاوت نەکردەوە یان بۆ بەڵگەکانت بۆ پارتی نەبردن گەر هێندە بەپەرۆشی، تۆ دەڵی ی یاخوا کەسێك لەکورد ببێتە خاوەنی مەدالیای ئاشتی لەجیهان، بەڵام کەئێستا ئەو شەیتانی و دووزمانیە دەکەی ئەمەیان دژی قسەکانی خۆتە و هەر بۆ خۆت وەڵامی خۆت داوەتەوە، من ئێستا لەزیادیم وەڵامی تۆم داوەتەوە حەز ئەکەی بائەمەش هەر بۆ خوێنەر بی؟!

یان ئەو برادەرە دەیەوی دۆو دۆشاوو تێکەڵ بکات کەدەڵی نازانم حیزبی دیموکرات وچی و چی، ئێستا حزبی دیموکرات پەیوەندیەکی زۆرباشی هەیە لەگەڵ یەکێتیداو هیچ پێویستیش ناکات قسەی پاش دیوار، گەر راست ئەکەی خۆت بناسێنە بابزانین تۆ چکارەی کی ئەڵی تۆ ئیتلاعات یان جوند ئیسلام یان هەر شتێکی تر نی؟

یان ئەو برادەرە لەدێرێکی تریدا باسی خەڵکی هەڵەبجە دەکات دەڵی خەڵکی هەڵەبجە تاوانی کیمیا باران دەخەنە ئەستۆی یەکێتی بەڵام ناوێرن دەری ببڕن، ئەمەشیان راست نیە چونکە من بەحوکمی کاری رۆژنامەنوسیم چەندین جار سەردانی هەڵەبجەم کردوەو خاوەنی چەندین برادەری زۆر دلسۆزیشم ئەوان هیچ شتی ئەوایان باس نەکردوە، وەدڵنیاشم گەر بزانن ئەو قسەیەی تۆ دەڵی ی وایە خەڵکی هەڵبجە ئەوەندە ترسەنۆك نین.

بی دەنگ نابن، ئەمجارەشیان خۆت خۆت بەدرۆ خستەوە لەلایەك وێنە بڵاو ئەکەیەوە لەلایەکیش ئەڵی ی خەتای یەکێتی بوو هەڵبجە شەهید کرا، گەر یەکێتی ئەوکات ئەوەندە بەینی لەگەڵ رژێم خۆشبوایە

ئامادەی هەموو تەنازولێك دەبوو تاکو نەهێڵی هەڵبجە شەهید بکری، بۆیە ئەم وەڵامەت بۆ هەڵگیرساندنی شەرێکە کەتۆ هیچ کات باوەرت بەئاشتی نیە، لەلایەکی تر باسی مامەو کاك کۆسرەت و کاك نەوشیروانت کردووە باسی کێشەت کردووە، برای بەرێزم تۆ ئەڵی ی لە (سریلانکا) وە قسە ئەکەی و ئاگات لەهەڵبژاردنەکانی جیهان و کوردستان نیە جاری واهەبووە سەر شکاوە خەڵك کوژراوە چەندین کێشە دروست بووە بەڵام دوای هەڵبژاردن کێشەکان کۆتاییان هاتووە ناکۆکیەکان وەلاوە نراون،

لەکۆتایی قسەکانتدا باسی (49بە51) کردووە بەڵام بەشێوەیەکی ترو رایەکی تر، حەزدەکەم ئەوەش بزانی تۆ ناتوانی هەرگیز ناوی حزبێکی تر بهێنیە ناو مەوزوعەوە کە پەیوەند نەبی بەبابەتەکەمەوە و ناوی نەهاتبێت، من نازانم تۆ بۆ ئەوەندە رەشبینانە بیر دەکەیتەوە، برا گیان ئەم وێنانە زۆرن و سەرکردەکانمان خۆیان داویانن بەهاوڵاتیان ئەوانە منداڵیش ئەزانی کە هی سەردەمی گفتووگۆیەکەی سورداشن . باقی وەسەلام